# قەڵەڕەشکە، لەخۆی بە شکە !!

**نوری بێخاڵی**

دەمەوێ خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگادار بکەمەوە، کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو یەکەم نووسینەم کە وەك ئامۆژگاری بۆ کۆیلەیەکم نووسیبوو، ئەمەش وەك ئەرك و بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی هاوڕێیانە، بەڵام دیارە ئەو کەسە نەك هەر ئامۆژگاری قەبوڵ نەبوو، بەڵکو چاکەکەی بە جوێن و تۆمەت دامەوە، بۆیە با خوێنەر بزانێ کە من لە نووسینەکەی پێش ژمارە (13)ی زاری کرمانجی دوور و نزیك ناوی ئەوم نەبردبوو، ئەویش نەك لە ترسی وەڵامە هەرزەیی و هەڵچوونە کەفوکوڵییەکانی ئەو، بەڵکو لەبەر دوو ئیعتیبار، یەکێکیان گوتم ڕەنگە ئەو کۆیلەیە هەڵەکانی خۆی بناسێتەوە و شەرم دایبگرێ و بەخۆی دابچێتەوە، لەمەشدا برادەرایەتی ناچاری کردم شەرمەزاری بەردەم خەڵك و خوێنەرانی نەکەم، بەڵکو بەهۆش خۆیدا بێتەوە و لە ڕێگەی ئاماژەکانی ناو نووسینەکە تێبگات کە چی دی هەڵپە نەکات و بزانێت کە (کەس لە کوڕێ، نابێتە کوڕێ)..ئەویتریان پەیوەندی بەنەخوێندەواری خودی کۆیلەکەوە هەبوو، کەنەدەکرا خۆم بێنمە ئەو ئاستەی ئەو و ناوی بێنم، نەبادا (حەمە سەعید) وتەنی لە ڕێگەی نووسینێکی من بببێتە فس فس پاڵەوان و دەبێ هەر بەداخی ناونەبردنیشی خۆی بخواتەوە، چونکە شیاوی ناوهێنان نییە و باشترە بچێت بەختی خۆی لە شتێکی تر تاقی بکاتەوە.. کەچی دەرکەوت بەدەردی کورد دەڵێ: (مل بەقوڕ لەخۆی دەگات!!)، ئەو سادەگۆیە خۆی بۆ نەگیرا ولە ژمارە (16)ی زاری کرمانجی ڤیژەی لێ هەڵسا، نمەکی برادەرایەتی و ئامۆژگاری و هاوکاری ژێر پێ خست و وێرانتر لە دەستپێشخەری جوێنبارانی پێشوو، کەوتە پەلەقاژە و تۆمەت چنینەوە. بۆیە ڕشانەوەکەی ناچاری کردم، لووت و جەستەی کۆنتڕۆلکراوی بت ئاسای بشکێنم، بەڵام نەرم

ونیـانتر لـە زمانـە شـڕ و دڵڕەشـییەکەی ئـەو، ئـەوی بـت و بتـەکانی هاوشـێوەی ئـەو کـە خەڵکێك و بۆ مەبەستی بازرگانی پێوە کردنیان لەم دەڤەرە دایتاشیوون.
سەرەتا لە ناونیشانەکەی دەست پێدەکەم و دەڵێم ئەگـەر مـن جـوێن نووسـم و نـاتوانم بـە زمـانی جـوان بێمـە حـزور، خـۆ ئاسـایی بـوو، تـەنها بـۆ ئـەوەی بـڕوات بـەو شـتە بێـت کـە دەیڵێیـت، زمـانی خـۆت پـاراو بکردایـە، دواتـر تـۆ کـە ڕاهێنـراوی بـە ئـەدەب و ملکەچـی و سەرلەقاندن سوژدە و کڕنۆش بۆ ئەوانە بەریت، کە لەم نێوەندەدا وەك بـت بـۆ مـەرامێکی تر قوتیان کروویتەوە و نـاتوانی بەئـەدەب نـەبیت  لـە حزروریانـدا، چۆن زاتـت کـرد، داوا بکەیت بۆ کۆیلەی ڕووقایم بە ئەدەب نەك بێینـە قسـە، کاولتریش سـوژدە بـەرین؟ مەگـەر سوژدە و کڕنۆش تەنها پیشەی کۆیلەکان نییە؟!
سەبارەت بەوەی کاممان سادەگۆ و ئینشانووس و بێئاگاین لە دونیای مەعریفـەدا، ئـەوە بـۆ خوێنەران جێدەهێڵم، تا بگەڕێنەوە سەر ئەرشـیفی مـن و تەکلیفکارییـەکانی تـۆ و لـەوێوە حوکمی ئەوە بدەن کە کێ لە ئێمە بیرکۆڵ و نەخوێندەوار و دەنـگ و قەڵـەمی نـەزۆکین و لەناو دونیای ڕۆشنبیریدا دەخیلین..دەربـارەی ئـەوەیش کـە کاممـان قسـە لـەدەمی ئـەوانیتر وەردەگرینـەوە و بێباکانـە دەیکەینـە مـوڵکی خۆمـان، بـا هـەر خوێنـەر خـۆی پـەرەگرافی یەکـەمی ورێنەکـەت و چـەند شـوێنێکی تـری، لەگـەڵ نووسـینەکەی مـن لـە ژمـارە (13)ی زاری کرمانجیدا بەراورد بکات و بۆ خۆی سەرپشکی بڕیاردان بێت.. بۆ ئەوەیش کـە گوایـە خەریکە (ماڵی خۆت تێکبنێیت و قەڵـەم و کتێـب و ......بسوتێنیت) ئـەوە کـەیفی خۆتـە، چـونکە ئەگـەر بڕیـارە کـاروان و مێـژوو و بزاڤـی ڕونـاکبیری کـوردی بـەبێ ( قامیشـی وشـکهەڵاتوو و نووشـتـەکان – نـەك قەڵـەم و کتێـب) ی تـۆ پـەکی دەکـەوێت، چـش لـەوە بیانسووتێنە و نە من و نە کەسی تریش دەستمان نەگرتوویت!! جگە لەوە ئەوە کامە ماڵـە بڕیاری بەجێ هێشتنی دەدەیت؟ چونکە ئەوەی مـن و کۆمـەڵێ بـرادەری تـریش دەیـزانین، کە ماڵی تۆ تەنها یەك شوێنە، شوێنێك کە دوای دۆڕانێکت لە شارەکەت، کە دواتـر ئامـاژەی پێدەکەین، تیایدا بوویتە میوانێکی بارگران و ئەوە تـۆ نیـت ئـەو ماڵـە تێکـدەنێیت، بـەڵکو ئەوە خاوەن ماڵەکەیە کـە بـەردەوام وەك داشـی شـەترەنج ئەمسـەر و ئەوسـەرت پێدەکات،

چونکە هەر زوو لەویش لەخۆت بایی بوویت و گەرەکتە لەسەر (ئەمجاد)ی خەڵکی تر ببیتە پاڵەوان!!

لەبارەی ژەهر و جوێنباران و تۆمەت بۆ هەڵبەستن، کە گوایە دەرهەقی تۆم کردووە و نازی ئەوە دەکەیت کە پیاوی دیالۆگی فیکر و مەعریفیت، نازانم تۆ لە کوێی ورێنەکانتدا پەنا بۆ دیالۆگی فیکر و مەعریفە بردووە، تەنانەت لە ئینشای یەکەمیشدا نەتزانیوە دەسەلآت و ڕەهەندەکانی چین، ئەگەر وا نییە نەدەهاتی تەنها لە دەسەلآتی سیاسی کورتی بکەیتەوە و گوایە گەنج لەناویدا نائامادەیە، ڕۆڵە بیرت نەچێت، تەنانەت لە ناو دارستانیشدا جۆرێك لە دەسەلآت هەیە، لەهەناوی سروشتیشدا دەسەلآت هەیە، بۆیە بۆ پاساو و تۆمەتەکانت ، سەرلەنوێ داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم کەوا بگەڕێتەوە بۆ جوێننامەکەت لە ژمارە (12) ی زاری کرمانجی و ویژدانی خۆی بکاتە دادوەر، کە ئاخۆ کاممان دەستپێشخەر بووین و سنوری ئەخلاقیاتی نووسینمان بەزاندووە، بۆ ڕاستی ئەمەش دەکرێ خوێنەر ئەو ڕستە تۆمەت و جوێنەت بۆ من ، کە ناوت ناوە دیالۆگی مەعریفی بخوێنێتەوە کاتێ وەستایانە لە جوێنداندا ئەم مەعریفەیە ڕیز دەکەیت (هەلپەرست، خۆفرۆش، زوڕناژەن، قەڵەمفرۆش، بێ هەڵوێست، ناشایستە، زەندیق، ڕێوی، وشەفرۆش، جاش قەڵەم، لەکەدار، ماستاوچی، سەختەچی و......)، تەنانەت بەوەشەوە ناوەستیت و لە جوێننامەی ئەمجارەشت دا دێیت و چ سوکایەتییەك بە دونیای فیکر و مەعریفە دەکەیت و جارێکی تر جوێن و بوختان بە گفتوگۆی عەقڵ لە قەڵەم دەدەیت، دیسانەوە با خوێنەر خۆی پێناسەیەك بۆ زمان و فیکر و مەعریفەت لەبەر ڕۆشنایی ئەم وشانە بکات ( جنێونووس، کەسێکی ئیفلیج، دۆڕاو، درۆنووس، جنێوفرۆش، سیمارەش، شەڕانگێز، خێڵەکی، دووڕوو، دووزمان، نەخۆش، زمان شڕ، کوێر، خۆهەڕاجکردوو، سەرلێشێواو...)، لەوەش وێرانتر دەتەوێ وا لە خوێنەر بگەیەنیت کە خەڵکێك هەیەحەسودی بەم گەنجینەیەی دونیای جوێن کە ناوت ناوە مەعریفە دەبات، ئەرێ بەڕاست، دەبێ ئەوە چ گەمژە و دەبەنگ و نەخوێندەوارێك بێت کە (حەسودی!!) بەو فیکر و مەعریفە و (مەکانەت)ە ڕوناکبیرییەی تۆ ببات؟!

پاشان ڕۆڵە تۆ ئەو زاتە نیت و منیش ئەو بێ ئیشە نیم، تا بتکەمە تەوەری قسەکانم لەناو برادەران، بەتایبەتی کە من ناوم لە نووسینەکە نەهێناوی تێبگە، کە بۆ ئەوەم بووە تەنها خۆتی تیا ببینیتەوە، جا بێم لەناو خەڵك ناوت ببەم . مەگەر هەر من و چەند برادەرێك و خۆشت بزانیت کە مەززەی مەجلیسی کێ و کوێیت!

برادەر دۆڕاو ئەو کەسەیە کە کورد وتەنی (بە فیتێك دەچێتە سەردار – کە دڵنیام باش دەزانی مەبەستم چییە)، مەگەر ئەو شەوەی بەرنامەی (کوردسات) ت بیر نەماوە کە بۆ پاسکردنی میوانی بەرنامەکە چووبوویت و دواتریش چۆن گاڵتەی پێکردی، یان ئەو دەمەی ماڵی (.....) و ئێوارەکەی (یانەی نووسەرانی هەولێر) ت لەیاد کرد کە چۆن بوویتە گاڵتەجاڕ و کۆیلانەش قبوڵت بوو، دەزانی بۆ؟؟ بێگومانم کە جورئەتی وەڵامدانەوەی ڕاستت نییە، چونکە لات یەقینە ئەگەر قسە بکەیت ئەو (ماڵە) فنیشت دەکات!!

ئەگەر بڕیارە هەڵوێست ئەوە بێت، تەنها لەبەر ئەوەی لەشەڕی ناوخۆ (........)ت شوێنبزر بووە و بێ هیچ مەرجێکی مەعریفی و ئایدیۆلۆژی و لە دەمارگیری خوێنەوە باوەشت بە لایەکدا کردووە و کوێرانە و لەتاریکیدا شەڕی لایەنێکت ڕاگەیاندووە، لایەنێك کە تا دوێنێ ماستاو نەما بۆ هەندێ لە برادەرانی ناوی نەکەیت، تاکو تیایدا ببیتە (کادیر)، دەك ئەو هەڵوێستەت پیرۆز بێت!

بیرکۆڵی و نەخوێندەواریت لەوێدایە، کە لە نێوان هەڵەی مەعریفی و بیرچوونەوەی زاکیرەدا جیاوازی ناکەیت، بەهەڵە ناوبردنی شاعیرێك ( کە بۆ ئەمە داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم)، هەڵەی مەعریفی نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەدان دێرە شیعرە کلاسیکییانەی لە زاکیرەم دان و زۆرجار لەکاتی نووسینیاندا لە ناوبردنی خاوەنەکانیان هەڵە دەکەم. هەڵەی مەعریفی و شێواندنی هوشیاری خەڵك و گێژکردنی خوێنەر ئەوەیە، بێیت و لە لاپەڕەیەکی فۆلسکابی ( A4 )دا دونیای (لیوتار) بخوێنیتەوە، کە دڵنیام کتێبێکی ئەوت نەخوێندۆتەوە..دووپاتی دەکەمەوە هەڵەی مەعریفی و هەژاری فیکری ئەوەیە کە نەزانی ڕاڕایی و گەڕانی بەردەوامی مرۆڤ لەناو حەقیقەتەکاندا و گومان لە کوێی فیکر و فەلسەفەدایە!!

برادەر عەفوت فەرموو کە کەس نەیبیستووە، بگرە منالێکیش کە تۆ دەبینێ تێدەگات، نەك خۆت لێ بۆتە فەیلەسوف، بگرە خۆت لەوە گەورەتر زانیووە کە سلاو لە گەنجێکی خاکی هاوشاری خۆیشت بکەیت و ڕۆژانە لە هەموو ئەو شوێنانەی ڕووی تێدەکەی، خەلکی ئەو شوێنەت پێ نەخوێندەوارە...دواتر نەکەی ئەو ناماقولییە بکەیت و بلێیت (خاوەنی گوتاری ڕۆشنبیری خۆمم)، چونکە تا ئەو چرکەساتەش تۆ خاوەنی خۆت و تەنانەت (قامیش و ئینشا و نووشتەکانت!) نیت، جا نۆرەی گوتارە. مەگەر ئەو ڕۆژەت لەبیرچووە کە دوای (سازادنی ئێوارە خوانی مەرایی و ماستاوچێتیت بۆ.....و لە.......)، ڕۆژی دواتر و لەمالی (.....) ئەو کەسەی دەستی گرتیت بۆ ناو مالەکەی چ حەشرێکی پێکردی، تەنها لەبەر ئەوەی بەبێ پرسی ئەو، خوانەکەت ئامادە کردبوو، مەگەر چەند نەپاڕایتەوە کە من و (.....و....و.....) بێین و بۆت ببینە پردی پەڕینەوە؟!
برادەر، مەگەر من و دەیان برادەری تریش نەزانین، کە چ قەدەرێکی وێرانە و شەقی چ سیاسەتکردنێکی کوێرانە و کێ دەستی گرتیت بێیتە ناو دونیای نووسین؟ ئەرێ بەڕاست چ زوو ئەو ئێوارە خواردنەوەی (یانەی نووسەرانی هەولێر) ت لەبیرچوو، کە ئەو کەسەی دەستی گرتوویت و لای خۆی کردوویتە میوان و ڕۆژ تا ئێوارەش ئەو چاکەیەت پێ دەفرۆشێتەوە و لەسەر مێزی خواردنەوە و لەبەردەم (.....و.....و....و......) و دوای نوکە زەنگە فیزئامێزەکانی مۆبایلەکەت، خاوەن مال پێی گوتی: ( فلان تۆ نە نووسەری و نەرۆژنامەنووس و تەنها وەرگێڕێکی سەقەت و بەس پێت بلێم خواحافیز، کەس لە کولەکەی تەڕیشدا ناوت نابیستێ!)..ئەمەیە تۆی کردووە بەو قەلەموونەی بێیت و (شەلم کوێرم، نابوێرم) قسە لە گوتاری ڕۆشنبیری بکەیت، نەك جەهلبینی و دۆڕاوی و شکستی مەعریفی و حەیابردنی کلتوری ئێمەمانان!!
با پێت بلێم، من بەشانازییەوە و ئێستاش ئامادەم، سەرەڕای ئەوەی کە دلنیام و گومانم لەوە نییە ئەو دوو کەسە لەسەرووی ڕەخنەوە نین، بەلام زۆر ئاساییە وێنەی هەردووکیان (تالەبانی و بارزانی_ کە وەك هەست دەکرێ تۆ لەبەر فیز و سوپەرمانی شەرمت بەوەیە ناویشیان بێنی و غرور بەربینگی گرتوویت) بەیاخەکەمەوە هەلواسم، چونکە یەکێکیان

(سەرکۆمار) و ئەویتر (سەرۆکی کورد)ـە..بۆ ئەو نووسینەش کە گوایە دەڵێیت بۆ ستاییشی حزب و پارووی چەورتر نووسیوومە، پێم باشە بە سەرچاوەی زانیارییە جاسوسییەکانتدا بچیتەوە، تا نەکەوتوویتە هەڵەی زەقتر، چونکە مووچەی ئەو شوێنەی ئێستا کاری تیا دەکەم، ناکاتە چارەگی مووچەی شوێنەکەی پێشترم، بەلاَم لێرە خۆم خۆمم و کۆیلەی کەس نیم و کەرامەتم پارێزراوە و ڕێز لە مرۆڤبوونم دەگیرێ، نەك وەك تۆ کۆیلەی گوێڕایەڵی خەڵك بم و ببمە بڵندگۆی ئەوان!! نووسینەکەشم لەسەر کەسایەتی و سەرکردەیەك نووسیووە کە بە گەواهی دۆست و دوژمنی کورد..بە بۆچوونی نووسەر و ڕوناکبیر و ڕۆژنامەنووس و سیاسی و دیبلۆماتکاری ناوخۆ و بێگانە، تەنانەت بە قسەی خودی بەڕێز سکرتێر و سەرکردایەتی حزبەکەشت (حزبێك بەرپرس و کادیرێکی پێشکەوتووی نەماوە ماستاویان بۆ ساردنەکەیتەوە تا بتکەنە......بەلاَم وەك ئاگادارم پۆزلێدانی تۆ هەراسانی کردوون و خەریکە هەموو ڕیسەکانت لێ دەبنەوە خوری و لەهەڕەکەی و مەڕەکەی دەبیت) سیمبوڵی تێکۆشانی نەتەوایەتی و رابەڕی شۆڕش بووە، ئەو کەسایەتییە سیاسی و مێژووییەش (بارزانی نەمر)ـە کە بەقەد بەژنی تۆ و چرکەکانی تەمەنی تۆ و هاوشێوەکانت پێلاَوی لە کاروانی تێکۆشان و شۆڕش و کوردایەتیدا دڕاندووە!!

بۆ پرسی دەسەلاَت و چەمك و ڕەهەندەکانی دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر ئەرشیفی لێکۆڵینەوە و وتارەکانم، تاکو بزانیت ئەوە کێیە لەو پرسە حاڵی نەبووە، چوون تۆ هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتایی خەریکی فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بوویت، قسەی جددیمان لەسەر دەسەلاَتی سیاسی و کۆمەلاَیەتی و ئایینی و....ئاریشەکانی نێوان مەعریفە و دەسەلاَت کردووە، دواتر قەت شەرمت نەکرد قسەی (.......)ت سەبارەت بە دەسەلاَت و ڕەهەندەکانی نەخستە ناو کەوانە و ڕووقاییمانە لە میانی گەمەی زماندا خۆتی لێدەکەیتە خاوەن!!

ئەرێ ڕۆڵە چۆن لە پرۆسەی خۆمەزادکردن گەیشتووی؟ مەگەر لەیادت چوو ئەو ڕۆژانەی خۆت لە داروبەرد دا تا لە (ل.ن.خەلیفان – بەرلەوەی ئەو ماڵە لەو دۆڕانە دەربازت بکا)

بتكەنــە (كــادیر) و پێیــان وتــی: ببــورە، هێشــتا ســەرەتاتە و هــەرزەیت و پێویســتت بــە پرۆڤەیە! یان دەتەوێ لەبیری خۆت ببەیتەوە كە ڕۆژی 2005/9/26 ، ئەو كاتـەی ورێنـە و ڕشــانەوەكەت بــۆ زاری كرمــانجی هێنــا، بــە (.......) گوتبــوو:(( دەبــێ .... بەچــەند بمكرێت؟!))، خۆ هەڕاجكردن لەوە زیاتر چی؟

ئێستا كە لەوێ خەریكە گلۆڵەت كەوتۆتە لێژی و لەهەردوو دیـن دەبیت، بـەڕووی قاییم و شەرمەزارییەوە دێیت و دەتەوێ لە ڕێگای هەنـدێ دەرگـا و كـەناڵ و دەروازە و كەسدا ئـەو لایەنەی كوێرانە شەڕت دژی ڕاگەیاندبوو ئاشتبكەیتەوە، بـەڵكو خـوا و ڕاسـتان بتگرێتـەوە باوەش، ئەمەش لە كاتێكدایە بەرلەوەی لەوشوێنەی لێیت ڕیسەكەت ببێتە خـوری، زۆرێـك لەو دەزگایانەی ئێستا مەراییان بۆ دەكەیت لە مەجلیساندا بێ بۆنە بە دەزگـای جاسووسـی نـاوت دەبـردن، مەگـەر ئـەوە مـن بـووم هـەر لەگـەڵ كردنـەوەی دەزگـای زاری كرمـانجی لـە سۆران بە فیتی (......) و تووتی ئاسا لە شوێناندا بـە بەشـێك لـە ....... و كارمەنـدەكانیت بــە ............ تۆمــەتبار دەكــرد. یــان ئــەو ڕۆژەی نووســینگەی ..........ت بیرچــوو كــە بــەئامادەبوونی......گووتــت چــۆن لــە شــوێن و ڕۆژنامەیــەك دەنووســم كــە لــە لاپــەڕەی یەكەمیـدا وێنـەی (مەسـعود بـارزانی و نێچیـرڤان بـارزانی) و هـەواڵی ئـەوان بڵاوبكاتـەوە، كەچی ئێستاش ئەو شوێنەت كردۆتە "ڕێگای حەمام" و مەرایی بۆ كارمەنـەكانی دەكـەیت، وەكو چۆن ئەو ڕۆژەش لەبـەر ڕۆشـنایی و ئامۆژگـاری كەسـێك سەرنووسـەری هەفتەنامـەی (میدیا)ت لەبەردەم من (......) و لەناو ئۆتۆمبیلی ئەو بە ......... تۆمەتبار كـرد،(كەسـێك ڕۆژانێك بڕیاربوو بە حەفتا كەس و عەدەد بیكەیسی و ئاربیجی ..... بچێت ئیلتیحـاق بـە – میدیا- وە بكات!! )، ئەرێ تۆ و ویژدانت (ئەگەر هەتبێت) كاممـان بوختـانچین و ماڵمـان لە شووشەیە و بەرد دەگرینە ماڵی ئەوانی تر؟!

ئەوە خێرە لەخۆت گۆڕاویت؟ بە مەبدەئت (ئەگەر هەتبێت) دەتـەوێ ترسنۆكی خـۆت بـە مـن بفرۆشـیتەوە؟ مـن نـەك ئـەو ماوەیـە تەلـەفۆنم بـۆ كـەس و بەتایبـەتی پێڕەكـەی تـۆ نەكردووە و ئەوان مەمنوون بوونـە مەرحـەبایان بكـەم و خـەڵاتم بكـەن تـۆش و ئـەوانیش باش ئەو ڕاستییە دەزانن، بەڵام بۆ تۆ و خوێنەرانیش دەڵـێم و بەڕاشـكاوی كـە پـارتیم، تـا

ئـەوێش پـارتیم کـە دەزانم خزمـەتی کـورد و دۆزەکـەی دەکـات و ڕێـز لـە مرۆڤبـوون و کەرامەتم دەگرێ "کە قسوری نەکردووە"..کەچی دێیت و تەلـەفۆنی ئـەو ڕۆژەی بـەڕەنگ پەڕیوی و هەناسەسواری بە مۆبایلی (.......) بۆت کردم و و داواتکرد لەسـەرت نەنووسـم و وەڵامی جوێننامەکەت نەدەمەوە و سواڵکەرانە، دوای هـەزار و یـەك تکاو نـزا و پاڕانـەوە و پاسـاو هێنانـەوە کە لـە وڕێنـە و جوێننامەکـەی پێشوو مەبەسـتت مـن نـەبووە، خـاوەنی مۆبایلەکەش لەتەکتا بوو و هەر ماوە و نەمردووە، دەی خۆ ناڵێیت وا نییە؟!

ڕۆڵە خێرە تا دوێنێ شەرمت بە برادەرایەتی مـن و گومانـت لـە توانـا و نووسـینەکانی مـن نەبوو، بۆ ساتێکیش نـەت گوت بوومەتـە جێـی پێکـەنینی خـەڵك، کەچی ئێستا دێیـت و دروشم بازی دەکەیت؟ ئەگەر ڕاسـت دەکـەیت مـاڵێکم لـەو ماڵانـە و زارێکـم لـەو زارانـە بـە نموونە بۆ بێنەوە کە بوومەتە مایەی پێکەنین و بنێشتە خۆشەی سـەر زاریـان، تـا مـن بـە بەڵگە و ناو هێنـان ڕسـتێکت لەوانـە بـۆ ڕیزکـەم کـە هـاوبیری خـۆتن لـە فشـە فـش و قسـە زلەکانت، لە بەرامبەر تەلەفۆنە فارسی و ئینگلیزییەکانت، لـە هەڵدانـەوەی بـەردەوامت بـۆ ئـەو ڕۆژنامـە و تاکـە گۆڤـارەی وڕێنـەکانتی بلاوکردۆتـەوە تـا بـزانن لاپەڕەیـەکت پـڕ کردۆتەوە، لە خواحافیزی سەفەر و خەونی چۆلەکەیی بوونت بـە بەڕێوەبـەری پـەیمانگای فەڕەنسی و هاوەڵی کردنـی (مـاتیۆ!!) بـۆ فەڕەنسا و ئـەوروپا و تـەرخانکردنی شوققەکەی خـۆی لـە پـاریس بـۆ تـۆ و....بێـزار بوونـە و بوویتـە مـەززە و نوکتـەی بـەردەوامی مەجلیسـەکانیان...بـا دونیایـەك گـەنجی هاوشـاری خۆتـت بـۆ بـژمێرم کـە لار و لەنجـە و فیزلێدان و لووت بەرزییەکەی تۆ ختوکەیان دەدات و قاقا دەیانهێنێتە پێکەنین!!

دێیت و دەتەوێ لە چاوی نادیدەی خۆت لە بـری خـەڵك بڕیـار لەسـەر مـن دەدەیت، بـەڵام کۆیلـەیی و تـەنها مـەرامی ئـەوەی لـە (.......) فنیشـت نەکـەن، جورئـەتی ئـەوەت نـادەنێ ڕووبـەڕوو بـەو کـەس (کەسـانە) بڵێیـت کـە ڕووی نـاو خـەڵکیان نـەماوە و کـۆی کاتـەکانی خۆیـان لـە خـەڵوەتی ژوورێکـی تاریکـدا، لەگـەڵ تـۆ سـەرگەرمی تۆمـەت هەڵبەسـتن و بوختانکردنن بە ئەوانی تر.

**باشتر وایە شەرم لە زمان پیسی و ڕشانەوە و جنێونامە و دەستەپاچەیی و کۆیلەیی و بێ هەڵوێستی خۆت بکەیتەوە، دڵنیاشم کە خەڵك و خوێنەر دەمناسن، بەڵام دەرفەتێکی باشت دامێ تا دیوی دووەمی پشتی دەمامکی کۆیلەییت دابماڵم و خوێنەر و خەڵك بتناسن، لەهەموو ئەوانەشدا، کە هێشتا زۆر فەلتەی تریشت ماوە بەلگە و گەواهیم هەن...تەنها شتێك کە مابێتەوە بیڵێم ئەوەیە کە لەسەر زاری شاعیر پێت بڵێم:**

لا تنه عن خلق وتأتی بمثله          عار علیك اذا فعلت عظیم